# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٥٨) - دوو شەممە ٢٠١١/٩/٢٦ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٤ی (رەزبەر)ی٢٧١١ی کوردی- ٢٨ی (شوال)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە


## ئۆپۆزسیۆن چارەسەری کێشەکان لە جێبەجێکردنی پاکێجەکاندا دەبینێتەوە

دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێم بریارێکی چوار خاڵی دەرکرد بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و، زەمینەسازیی بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکانی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، لە دوای ئەم هەنگاوەی سەرۆکی هەرێمیش سەرۆکی حکومەتی هەرێم رێ وشوێن و رێنمایی پێویستی دەرکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بریارە چوار خاڵییە، ئەگەرچی تاکو ئێستا سستی و لاوازی خۆدزینەوەیەک لە لایەن هەندێک کەسو گروپی ناو دەسەڵات دیارە بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەم بریارانەی سەرۆکی هەرێم، بەڵام لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆن چاوەڕێی جێبەجێ کردنی تەواوی بریارەکانی سەرۆکی هەرێمە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانە پێنج قۆڵییەکان، کە لەلایەن خۆیەوە ئۆپۆزسیۆن پرۆژەیەکی شەش پاکێجی تێروتەسەلی لەسەر کۆی سیستەمی سیاسیو ئیداری و سەربازی هەرێم خستۆتە روو، کە چارەسەرەکان لەوەدا دەبینێتەوە.

**دوبارە بڵاوکردنەوەی دەقی پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن لە لاپەرە ٤ بخوێنەوە..**


پەرلەمان دەتوانێ بەرلە بەرزبوونەوەی رێژەی خۆکوژی لە کوردستان بگرێ؟ ٣

سەرەتایەکی پێویست بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کۆنگرەی شەشەم ٤

زانکۆ لاین و کێشەکانی بەردەم پڕکردنەوەی فۆرم ٦

لەبارەی ئاڵۆز بوونی رەوشی سیاسی و ئەمنی کەرکوکەوە ٧


### لە نوسراوێکدا

## حکومەت داوا دەکات هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم بەلیستی نیمچە کراوە بێت ..

یەکگرتوو – تایبەت

**لیژنەی یاسایی گفتوگۆی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکات و سەرۆکی لیژنەکەش رایدەگەیەنێت کە هەڵبژاردنەکە بە لیستی نیمچە کراوە دەبێت.**

سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان و شێوازی هەڵبژاردنەکە، (شیروان حەیدەری) سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو بێ ئاگایی خۆی لە هاتنی ئەو پرۆژە یاسایە دەربڕی، بەڵام راشیگەیاند کە «لیژنەی یاسایی تاوتوێی یاساکە دەکەین». دەربارەی شێوازی هەڵبژاردنەکەش کە لە یاساکەدا ئاماژەی پێ بدرێت، ناوبراو وتی:»نوسراوێک لەلایەن حکومەتەوە هاتۆتە پەرلەمان و داوای کردوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە لیستی نیمچە کراوە بێت». بۆ ئەوەش وەک بەڕێزی وتی: «پێویست بە هەموارکردنی چەند بڕگەیەکی تری یاساکە دەکات». لە وەڵامی دەستنیشانکردنی کاتی ئەو هەڵبژاردنەش ئەگەر بەزوویی لە پەرلەماندا دەنگ لەسەر یاساکە بدرێت، حەیدەری وتی:»پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکان تاتوێی ئەو بابەتە بکات». وتیشی: «کۆمسیۆن دەڵێت پێویستمان بە نزیکەی چوار مانگ دەبێت، بۆیە ئەگەر لە مانگی تشرینی یەکەمدا دەنگ لەسەر یاساکە بدرێت، هەڵبژاردنەکە دەکەوێتە مانگی شوباتی داهاتوو». سەرۆکی لیژنەی یاسایی رەتی کردەوە کە دەنگدان لەسەر یاساکە پێویستی بەتەوافوق بێت و وتی: «شێوازی زۆرینەو کەمینە پەیرەو دەکرێت و دەنگ لەسەر یاساکە دەدرێت».

### پارێزەری کەناڵی نالیا:

## حکومەت قەرەبووی نەکردوینەتەوە، بەڵکو قەرزی پێداوین

**لیژنەی دەرخستنی راستیەکان هێرشکردنە سەر کەناڵی نالیا بە نهێنی راپۆرتی خۆی داوەتە حکومەتی هەرێم و نازانرێ ئەنجامەکەی چیە.**

پارێزەری کەناڵی ئاسمانی نالیا لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەت قەرەبووی زیانەکانی کەناڵەکەی نەکردۆتەوە، بەڵکو بڕێک پارەی وەک قەرز پێداون و ماوەیەکی کاتیشی دیاری کردووە بۆ گێڕانەوەی ئەو پارەیە بۆ حکومەت.

لە بارەی ئەو سکاڵایەی کە تۆماریان کرد بوو لە دژی سوتێنەرانی کەناڵی نالیا، پارێزەری (نالیا) دەڵێت کە سکاڵاکەی ئەوان لە دادگا وەک خۆی ماوەتەوەو لێکۆڵینەوەکانیش بەردەوامە و کارکردن تێیدا نەوەستاوە.

لەبارەی ئەو لیژنەیە کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێکهێنراوە، پارێزەرەکەی (نالیا) دەڵێت لیژنەکە کارەکانی خۆی تەواو کردووە، ئەو کەسانەی پەیوەندیدار بوون بە دۆسیەکەوە بانگهێشتکران و وتەکانی خۆیان لەبەرامبەر لیژنەکەدا وتووە، دواتر لیژنەکە راپۆرتی خۆی بە شێوەیەکی نهێنی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کردوە، ئێمە نازانین کارەکانی ئەو لیژنەیە باش بووە یان خراپ، لەبەرئەوەی راپۆرتەکەیان بە شێوەیەکی نهێنی بووە.

**لەم بارەیەوە راپۆرتێک لەلاپەرە ٣ بخوێنەرەوە**

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

## لاوازیو ناکۆکی ناوخۆی هەرێم وایکردوە بەغدا رێکەوتنەکان جێبەجێ نەکات

یەکگرتوو، تایبەت

**دوای ئەوەی دوێنێ سەرۆکی هەرێم لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی بەشداربوو لە حکومەت و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان (یەکگرتوو، گۆڕان، کۆمەڵ) کۆبووە، کە هەر یەک لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش ئامادەی بوون، لە لایەن یەکگرتووش هەریەک لە مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی و محەمەد فەرەج ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد.**



لەم بارەیەوە محەمەد فەرەج گوتی:» لەو دانیشتنەدا ئێمە داوامان کردوە کە لایەنی دەسەڵات پەلە بکات لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دامەزراندنی ئەنجومەنی دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم و سەرۆکەکەی کەسێکی بێ لایەن بێتو یاساکەش هەموار بکرێتەوە بەشێوەیەکی تەوافوقی».

ناوبراو گوتیشی:» پێشنیارم بۆ سەرۆکی هەرێم کردوە، کە داوایەکی لە دەسەڵاتی دادوەری بکات بۆ دروست کردنی دەستەیەکی دادوەری بۆ لێکۆڵینەوە کردن لەو کەسانەی کە لەلایەن دادگاوە داواکراون، بەڵام تاکو ئێستا دەستگیر نەکراون، چونکە یەکێک لە بڕیارە چوار خاڵیەکەی سەرۆکی هەرێم تایبەتە بەم پرسەو تاکو ئێستاش بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش ناکرێت وا بێت».

محەمەد فرەج ئەوەشی ئاشکرا کە کە وەفدی یەکگرتوو بە راشکاوی بە سەرۆکی هەرێمیان راگەیاندوە کە لاوازی و کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمە وای کردوە لە لایەنە عێراقییەکان و بەغدا کارتە فشارەکانی خۆیان لە بەرامبەر کورد بەکاربهێنن و باز بە سەر دەستور بدەن و رێکەوتننەکان جێبەجێ ناکەن».

محەمەد فەرەج ئەوەشی وت:» جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی چاکسازی بەرفراوان لە هەرێمی کوردستان و رێکەوتن لە سەر ئەو پرۆژەیەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات تاکو ناو ماڵی کوردی یەکبخرێتو ئەو گەندەڵیو پێشلکارییە یاسیانەی کە هەیە نەمێنێ«.


مامۆستا سەلاحەددین لە کۆنگرەی رابوونی ئیسلامی: گەلی کورد پارێزگاری بە ناسنامەی ئیسلامی خۆیەوە دەکات و، خاوەنی رابوونێکی ئیسلامی جێگای شانازیە.. ل٢

مامۆستایەکی بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا: راگرایەتی کۆلێژ بە توانجەوە پێمان دەڵێ سەرۆک کۆمار لە خۆتانە و سەرۆکی هەرێمتان هەیە لە(١٧٪) بودجەی خۆتان هەیە..ل١١

بەکرحمەسدیق : شیعەکان لە پشت پرۆژەی داخستنی دادگای باڵای تاوانەکانەوەن.. ل١٥


### پەرلەمانتارێکی عێراقی:

## هەڵبژاردنی پێشوەخت تاکە چارەسەری قەیرانەکانی عێراقە

ئارام کۆیی – تایبەت

سەبارەت بەو گرفت و کێشانەی کە وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت وەک خراپی بارودۆخی ئەمنی و خزمەتگوزاری و نەبوونی متمانە لە نێوان کوتلەکان و، ناجێگیری پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و، بەزاندنی سەروەری عێراق لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و، تەشەنەکردنی ترسناکی گەندەڵی دارایی و ئیداری و ...هتد. لەم بارەیەوە لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو (شەعلان عەبدولجەبار ـ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی عێراقیە) رایگەیاند:»هەموو بارودۆخەکانی وڵات پەیوەستە بە حکومەتی مەرکەزی، چەند حکومەتی مەرکەزی بە هێزو توانا بێت و تێگەیشتنی واقیعی هەبێت بۆ بارودۆخی کۆمەڵگەی عێراق و دوور بێت لە کارکردن بۆ بەرژەوەندیە تائیفی وحیزبیەکان، ئەو کاتە حکومەتێکی بەهێز دێتە ئاراوەو هەموو کوتلە سیاسیەکان پشتیوانی لێ دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە کێشەکان قوڵتردەبنەوە». لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئەو پەرلەمانتارە زیاتر وتی: «جێی داخ و نیگەرانییە کەسانێک هەن لە حکومەتی ئێستا پۆستی گرنگ و هەستیاریان بەدەستەوەیە کە دڵسۆزو شایستەنین، هەر بۆیە دەبینین عێراق بۆ سەد ساڵ پاشەکشەی کردووە». لە وەڵامی ئەوەی ئایا چارەسەری ئەم دۆخەی ئێستای عێراق چییە؟ (شەعلان) وتی: « لە حاڵی ئێستادا هیچ ئاسۆیەکی گەش نابینم، تەنها یەک شت نەبێت ئەویش هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردن و هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت».


